# خوێندنەوەیەك بۆ هاوسەرگیریی مسیار



ئەمیرە ئەسعەد عەلی

ماوەیەکە پرۆژە یاسای هاوسەرگیری ڕەو(المسیار) لەنێو ڕاگەیاندنەکانی کوردی بەهەموو جۆرەکان باسی لێوە دەکرێت، بێگومان لەسەر ئەم هاوسەرگیریە ڕای جیاواز هەیە، لەبەرئەوەی دیاردەکە نوێیەو تا ئێستا هاوسەرگیری لەم جۆرە لە کوردستان نەبووە، ئەوەی من تێبینیم کردوە ڕاگەیاندنەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە نووسین و قسەوباسی زۆریان لەسەر کردووە،پێدەچێ ئەم (هەویرە ئاوی زۆرتری بوێت).

بۆیە وەك ژنێك بەپێویستم زانی خوێندنەوەی خۆم لەسەر ئەو جۆرە هاوسەرگیریە بکەم، پرۆژە یاسای هاوسەرگیری ڕەو(المسیار) کە شێخ ئاریان بەرزنجی خاوەنیەتیو ماوەی چەند مانگێك بەر لە ئێستا داویەتیە پەرلەمانی کوردستان.

هاوسەرگیری(مسیار) واتا ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری لەنێوان ڕەگەزی نێرومێ،کە مەرجەکانی یاساییو شەرعی لە خۆ دەگرێت، تەنها دوو مەرج نەبێ، ئەوانیش نەفەقەو خانەی هاوسەرگیرییە کە ژنەکە بەویستی خۆی دەستبەرداریان دەبێ.

بەرێز شێخ ئاریان بەرزنجی دەڵێ: ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەبەرژەوەندی ژنەو چارەسەری زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی دەکات، وەك (کەم کردنەوەی ڕێژەی قەیرەکچیو بێوە ژنیو کەم کردنەوەی ڕێژەی کوشتنی کچانو ژنانو خۆ سوتاندنیان).

ئەوەی مەبەستمە بیخەمەڕوو باسی لێوە بکەم ئەوەیە کە ئەم پرۆژە یاسایە تەنها لەبەرژەوەندی ئەو پیاوانەیە کە دەیانەوێ زیاتر لە ژنێك بهێنن،مسیار دیاردەیەکیتری کۆنەپەرستانەو سوکایەتیەکیترە دەرهەق بەژن. ئەگینا خۆسوتاندنی کچان و ژنان یان کوشتنی ژنو کچ، چ پەیوەندی بەهاوسەرگیری هەیە؟ چونکە ژمارەی ئەو ژنانەی کە بەمێردن زۆر زیاترە لەوانەی کە کچن و بەپاساوی شەرەفو ناموس دەکوژرێن، یان خۆسوتاندنی کچانو ژنان کە لەئەنجامی توندوتیژی ڕۆژانەی دایكو باوكو مێردو کەسانی دەوروبەرە، چ پەیوەندی بەهاوسەرگیری هەیە، کچ هەیە لەسەر دەرنەچوونی لەقوتابخانە خۆی دەسوتێنێ، کچ هەیە لەسەر پەیوەندیەکی پاکی خۆشەویستی دەکوژرێ، یان ژن هەیە لەسەر بوختانێ دەکوژرێ. کەواتە ئایا ئەمە پاساو نییە شێخ ئاریان بەرزنجی بۆ پرۆژەکەی دەهێنێتەوە؟ بۆ ئەوەی ڕای خەڵکی بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ڕابکێشێ، ئەگینا قەیرە کچیو خۆسوتاندنو کوشتنی ژنان لەگەڵ ئەم هاوسەرگیرییە چ شتێك بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

هەروەها ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بۆ ئەو ژنانەیە کەتوانای داراییان باشەو لەسەر خەرجیو نەفەقەی خۆیان ماڵو منداڵ بەخێوبکەن، لێرەدا پیاوەکە پەیوەندی بەخەرجیو ماڵو منداڵدا نییە، تەنها لە لایەنی شەرعی پەیوەندی بەژنەکەوە دەبێ، جگە لەمەش لە گرێبەستی هاوسەرگیری هەموو مەرجێك دادەنرێ، پیاوەکە بریاردەر دەبێو مەرج دادەنێ، کەی بیەوێ ژنەکە ببینێ یان بچێتەوە ماڵ، بۆ نموونە: هەفتەی جارێك، مانگی جارێك، یان هەموو ڕۆژێ ، یان پیاوەکە مەرج دادەنێ، منداڵ بنێنەوە یان نا. یان کەی لێکجیاببنەوە؟ کەواتە زەرورەتی ئەم جۆرە هاوسەرگیریە یا ڕەوایەتی لەکوردستان چیە کە شێخ ئاریان بەرزنجی ئاماژەی پێدەدات.

ئەم شێخە دەڵێ: ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لەوڵاتانی عەرەبی و کەنداو زۆرەو ژنان بەئارەزووی خۆیان قبوڵی دەکەن، بەڵام ناکرێ ئێمە لەم جۆرە دیاردەو کلتورانە سوود لەوڵاتانی عەرەبی وەربگرین، چونکە تا ئێستا ئەم وڵاتانە لەڕووی پاراستنی مافەکانی ژنو نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی پێشقەچوونی ئەوتۆیان بەخۆوە نەبینیوە، هەرچەندە ئەم وڵاتانە لەڕووی ئابووریو دارایی پێشکەوتوون، بەڵام لەڕووی پاراستنی مافی مرۆڤ بەگشتیو ژن بەتایبەتی زۆر دواکەوتوون ، کەواتە ئێمەی کورد با بۆ هێنانی کلتوری باش چاو لەوڵاتانی عەرەبی بکەینو کلتورە باشەکانی ئەوان بهێنە کوردستان نەوەك خراپەکان!؟

هەروەها ئەوەی هەموومان دەیزانین کچان تەنانەت بێوەژنانیش حەز دەکەن شوو بەیەکێك بکەن کە لەسەر بنەمای خۆشەویستیو لەیەکتر تێگەیشتن بێت، نەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندیو تێرکردنی ئارەزووە سێکسیەکان، بەڕای من خێزان کە کۆڵەگەیەکی بەهێزی کۆمەڵگایە، لەم جۆرە هاوسەرگیرییە خێزان بەرەو دارمانو دوریانی نادیار دەڕوات، چونکە لەم زەواجە هەموو شتێك کەتیایدا کۆبۆتەوە بەرژەوەندیە، بۆیە وەك ژنێك بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەم جۆرە زەواجە نیمەو گەشبینم زۆربەی پیاوی کوردی قبولی نییە خوشکی یان کەسێکی بەو شێوەیە شووبکاتو ئەم دیاردەیە قبوڵ بکات، چارەسەریش هەیە بۆ نەهێشتنی گرفتی قەیرە کچیو ژنهێنان، ئەویش کچان هەوڵبدەن لەکاتی شووکردن داواکاری زۆر نەخەنە بەردەم کوران، حکومەتیش تا ڕادەیێك زۆر بەئاسانی دەتوانی ئەم قەیرانە چارەسەر بکات ،ئەوەش بە یارمەتیدان وهاوکاریکردنی لاوانی کچوکوڕ، نەك بەم جۆرە هاوسەرگیرییە.